# پێم باشە لە کەلی ئەم ئەتوارانە بێیتە خوارەوە

خاڵە بەکر

بەهاری دڵت هەر تەڕە، یان ووشك و برینگە، یان بێ تروسکە و بێ گزنگە..؟ ئەی ئێستا نیگاکانت بە لاڕێی کام چاوەڕوانیا هەڵدەزنێن..!؟ تا ئێستاش هانا بۆ کەسانی نهێن کر و نهێن پەرست دەبەیت؟ ئەو کەسانەی متمانەشیان بە خۆیان نیە.. ئەو کەسانەی هەست بە گرێی نا شایستەیی دەکەن و هەر بە نهێنی و نهێن بازی پەروەردە بوون لە ناو کۆمەڵا.. ئەی هانا بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەبەیت  کە قسەی سور و بریقەدار  دەکەن و رووشیان سور نیە.. ئەو کەسانەی کە ناهێڵن دەستی چەپیان بە نهێنیەکانی دەستی راستیان بزانێت..!

وێراوتە بە یەکێك لەوانە بڵێیت حەزی دڵت بە چی ئۆقرە دەگرێ و دەسرەوێ.. ئەی بەو کەسەت وتووە کە زیاتر مامەڵەت لە کەڵیدا هەیە.. بەڵێ.. هەر ئەوەندەم پێ ووت، بە هەرزەیی بوویت بە هاوڕێم و زۆر شتی منالیمان لە نێوانا نیە، بەلاّم لە هاوڕێیەکی شەکەتی منالیمت جیا ناکەمەوە..!ئەی بڕوای پێ کردیت..؟ نازانم..!! بەلاّم دەستی کرد بە خاکەناز و هەڵدێرە دەرونیکانی برۆ و چاوەکانی پێ ئەم دیواو دیوو کردو سەیر تێی ڕوانیم..قەرزار باری ئەوەی کردم کە پێشتر بە هۆی برا شەهیدەکەیەوە دەمناسی ( ئاستەنگەکە لەوەدا بوو، پێش ئەوەی براکەی ببێت بە شوانی مەرگ و پێش مەرگ بکەوێت لە کولەکەی هیلالی حەبەشیشدا ناوی نەئەبرد،ئەوەی ناویشی ببردایە بزەیەکی بێ سەر و بنی بۆجێ دەهێشت و بە دەم تووڕە بوونی چاو و لێوەوە دەڕۆیشت) بەڵێ وایە.. من و براکەت جێی شانازی یەکتری بووین، خەڵکانی زۆریش ئیرەیی بە هاوڕێیەتی و برایەتی و تەباییمان دەبرد .. لەو ساتەوەی قەدەر هەڵیلوشی و لێی جیا کردمەوە هەر بەهەمان هەستی منالیەوە دڵسۆزی و خۆشەویستی و سۆز و هەست و نەست و ترپەی دڵمم بۆ کردووە بە نمە بارانی وەفاو هەموو رۆژێك بە خەو بەرۆکی وونبووی پێ تەڕ و رەنگین دەکەم..( ئەوا سوێندی وەرگرتنی پۆستی هاوڕێیەتی جەنابیشت لە بەر دەم حزورتا دەخۆم.) ( سوێند بێ هاوڕێیەتیم لە ئاوی کانی و چاوی قرژاڵ پاك و روونتر بێت بەرامبەرت.)

بۆ بە ئاوی کانی و چاوی قرژاڵ ..!؟ لەبەر ئەوەی ژێنەرەوەی ئینسانن، سروشت پیرۆزە هاوڕێم، هەویرێکە بەدەست مرۆڤەوە چۆنی بوێت دەیشێلێت لە پێناو بەرژەوەندی مرۆڤایەتیدا.. چۆن لەمە تێناگەم.. ( با واز لەمە بهێنین ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێ لە دەرفەتێکی تردا پێکەوە بە کاو و خۆ دەیشێلین.)

بەلاّم هێندەم دەوێ لە تۆ ئیتر مەهێڵە لە داخی جیاوازی قسەی زارت و قسەی ناخت شەوگار پێ بزانێت کە دەیخەمە خەو، نەبا جریوەی پاساریەکانی بەیانیم لێ زەوت بکات..

( سەرەرای سوێند خواردنەکەم و کورتە کەین و بەینەکەمان.. وەلاّمێکی دامەوە تینوو شکێن نەبوو.. دڵنیاش بوو لەوەی خەزنەی نهێنی زۆر کەسم.. دڵنیاش بوو لەوەی رۆژێك دێت ئەکەر قەڵەم وزمانم یەك بگرن و تەبا بن ئەوانەی شایەنی درکاندنە دەیاندرکێنێ.)

کوڕی باش خۆ من سوێندی پیرۆزم بۆ خوا ردیت .. بە هەر حاڵ گەر زۆر گرنگە و پەیوەندی بە ئالۆزی و نهێنیەکانی ژیانی خۆتەوە هەیە بیلێ، ئەکەر جارێکی تر باست کردەوە و درکانت لە لام دڵنیا بە پێت دەڵێم نەمبیستوە.. بەلاّم حەزدەکەم بزانیت سەردەم و رۆژگاری( بەینی خۆمان بێت ) نەماوە ئێستا هوشیاری خەڵك لە رادە بەدەرە.. پێم باشە لە کەلی ئەم ئەتوارانە بێیتە خوارەوە و دەستی چەپ و راستت لەگەڵ یەکتر ئاشتبکەیتەوە و هیچ قسەیەکیش بەبێ راوێژکاریان لە دەرگای قەلاّی زارت نەیەنە دەرەوە.. پێشم باشترە داوای لێبوردن لە درەختەکەی نێو باخچە بچکۆلانەکەی دەم ژورەکەت بکەیت، گلەیی دەکرد، دەیووت سەرەرای ئەوەی کە بەیانیان دێتە دەرێ و پێ دەنێ بە گەلاّ وەریوەکانما هێندە لە خۆ باییە، نە سەیرێکم دەکات و نە بەیانی باشێکیشم لێدەکات.